خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی
فریاکەوتنی یۆرکشایەر
متمانەی NHS

# چۆنیەتی ئەنجامدانی سی پی ئاڕ

بوژاندنەوەی لێدانی دڵ یان سی پی ئاڕ، بریتیە لە تەکنیکێکی سادەی پارێزەری ژیان کەوا بە کەسێک دەدرێت کەوا تووشی وەستانی دڵ بووە. ئامانجی وەرگرتنی کاری دڵ و سیەکانە لە ڕێگەی درێژەپێدانی جوولەی خوێن و ئۆکسجین لە ناو جەستەدا.

## 1

## پشکنین بۆ بوونی مەترسی بکە

سەیری دەوروبەر بکە بۆ دڵنیا بوون لەوەی خۆت ناخەیتە مەترسی.

## 2

## سەیری وەڵامدانەوە بکە

بە هێواشی کەسە لە لای شانەکانی بجووڵێنە و پرسیاریان لێ بکە ئایا گوێی لە تۆیە.

## 3

## داوای یارمەتی بکە

ئەگەر هیچ وەڵامێکت دەست نەکەوت و کەسەکە هەناسەی نەدەدا یان هەناسەدانی ئاسایی نەبوو (دەم و چاوت مەخە تەنیشتی دەم و چاویان لەو کاتەی پشکنینی بۆ دەکەیت)، ئەوان تووشی وەستانی دڵ بوونەوە و پێویستە داوا لە کەسێک بکەیت یارمەتیت بدات.

## 4

## پەیوەندی بە 999 بکە

پەیوەندی بە 999 بکە و دڵنیا بە کەوا ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن لە ڕێگادایە. زانیاریت پێت دەدرێت بۆ ئەوەی چی بکەیت و شوێنی ئامێری لێدانی کارەباییت پێ دەدرێت ئەگەر دانەیەک لەوێ هەیە.

## 5

## بە قوماش دەم و لووت داپۆشە

ئەگەر هەست دەکەیت مەترسی نەخۆش کەوتن هەیە، قوماش، خاولی یان پارچە پەڕۆکێک بە شلی بخە سەر دەم و لووتی نەخۆش.

## 6

## دەست بە سی پی ئاڕی دەستی بکە

هەردووک دەستت بەیەکەوە دابنێ و پەنجەکانت بۆ ناو یەک ببە، دەستەکانت بخە سەر ناوەڕاستی سینگ و بە توندی و خێرایی پاڵی پێوە بنێ بەگوێرەی 'ستەینگ ئەلایڤ' یان 'بەیبی شارک'. بەردەوام بە تا یارمەتی پیشەگەرانە دەگات یان تا ئەو کاتەی کەسە بەهۆش دێتەوە.

## 7

## ئامێری لێدانی کارەبا بەکاربێنە

تکایە سەیری پۆستەری 'چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێری لێدانی کارەبا' بکە.

ژمارەی خێرخوازی تۆمارکراو: 1114106

خزمەتگوزاری خێرخوازی ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی یۆرکشایەر

پشتیوانیکراوە لە لایەن: